## بەڕێز سەرۆكی هەرێم بێدەنگیت رازی بوونە بە ئەمری واقیع !!
## رێزدار كاك نێچیرڤان بارزانی، ئەوە  خزمەتكردنی خەڵك نییە!!

لە سەرەتای ئەم مانگەوە ، دەیان وتار كە بەشێك لەم وتارانە هەندێ جار كەس و كاری شەهیدان بوون ،هەندێ جاریش كۆمەڵێك پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوون و ، هەندێ جاریش كەس و كاری ئەنفال كراوان بوون ،چەند جارێكیش ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدكردنی كورد، دەیان نامەیان بۆبەڕێزتان  نووسی،  زۆر جاریش بەناوی كەسێكەوە ، ئەو وتارانە دەنووسران ، هەر هەمووشیان وتارەكانیان كە لە بنەڕەتدا سكالانامەیەك بۆ  بۆ بەڕێزتان، چ وەك سەرۆكی هەرێم ، چ وەك سەركردەیەكی سیاسی كە زۆر بە سۆزو عاتیفەوە ،باس لە شەهیدو  پێشمەرگەو ......هتد دەكەی.یان دەڵێن خۆمان بە خزمەتكاری خەڵك دەزانین.

كەچی  جەنابی سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەت ،  ئەو هەموو خەڵكە هاناو هاواریان بۆتان هێنا ، كەچی وەڵامی  كەسێكتان  نەدایەوە، هەموو خەڵكی دارەتوو بنەسڵاوە لێتان پاڕانەوەو بە زمانی گوڵ داوایان لێكردن  نە وەڵامێكت دانەوە ، نە تەئكیدێكت لە حەقیقەتی مەسەلەكان كرد!! داوایان لێ كردن، ئەو مدیر ناحیەی دارەتوو كە بەخۆیو باوكیەوە تا رۆژی ئازادكردنی هەولێر فەوجی جاشایەتیان لە دارەتوو هەبوو ، باوكی (٧)حەوت نۆتی شوجاعەی  پێ درابوو ، لە یەك هێرشی ئەنفالدا زیاتر لە (١٠) دە كەسی بە ئەنفال كردن داوە ، خودی مدیر ناحیە كە كوڕی ئەو تاوانبارەیە ، تا ئەو رۆژەی دارەتوو ئازادكرا ، دەیان كەسی لە خەڵكی دارەتوو گرتووە و ، سەدان كاری پڕ لە تاوانی ئەنجام داوەو ، كە كرا بە مدیر ناحیەش (٦)شەش ساڵ خزمەتی جاشایەتیو بەعسیاتییەكەی ، وەكو مەرد گواستەوە و كردی بە  خزمەتی پێشمەرگایەتی ، هەر ئەنجام دانی ئەو تەزویرە ، خۆی لە خۆیدا پێویستی بە تەحقیقێكی جیدی هەیە، چونكە چۆن دەبێت جاش و مەفرەزە خاسە بكرێت بە پێشمەرگە ، دەبێ ئێوە چ  متمانەیەكتان بەو كەسە بمێنێ.

بەڕێز جەنابی سەرۆكی هەرێم و حكومەت ، ئێمە  ئەوەمان بەلاوە زۆر گرنگ نییە ، كە جاشێك یا بەعسیەكتان كردۆتە مدیر ناحیە ، بەڵكو ئەوەی بەلای ئێمە زۆر گرنگە ئەوەیە ، ئەگەر جەنابتان پێشمەرگەتان هێندە لەلا موقەدەسە، بۆچی سكالاكانیان بە هەند وەرناگرن ؟؟!! .

**جەنابتان  كە هێندە بە سۆزەوە باسی شەهیدان دەكەن  ، ئەی كوا وەڵامی ئەم هەموو نامەیەی هاواریان لێ هەڵساوە و هەستیان بریندار كراوە .**

جەنابتان كە سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەتن  چۆن دەكرێ نامەی خەڵك كە سكالاو گلەییە نەخوێننەوە، چۆن دەكرێ لە رێگای كەناڵەكانی خۆتان تەئكید لە راست و دروستی مەسەلەكان نەكەن ،تۆ بڵێی ئەم هەموو خەڵكە هەمووی بوختان بە مدیر ناحیەی دارەتوو بكەن؟ تۆ بڵێ ی ئەم هەموو خەڵكە ، كە تا دونیا تەنگ بوو گیانیان بە پارتی دەبەخشی ، كەچی ئیمڕۆ باوكە كوشتەی پارتی بن !!

بەڕێزان  دڵنیابن  ئەوخەڵکەی لە ڕۆژانی تەنگ گیانیان دەخستەوە بەر پارتیو قوربانیان بۆی دەدا ، ئێستاش هەر ئەو کەسانەن کە خاوەنی حەقیقی پارتین و، هەموو ئەو داواکاریو سکالانامانەش هەر بۆ بەرژەوەندی خەڵك و  پارتیە.

بەڵام بەڕێزان  دەبێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرن  کە دونیای ئەمڕۆ دونیایەکی ترە ، خەڵك ئەمڕۆ تەنها بە دروشم ناژی ، خەڵك دەڕوانێتە کاروکردەوەکانتان.  شەهیدان کاتێك سەروەردەبن ، کە خێزانەکانیان ئاسوودە بێت، پێشمەرگە کاتێك شەڕەفمەند  دەبێ و پارێزەری سەرو سامانی خەڵکن  ،کە بەعسیەك نەکەن بە زاڵم بەسەریاندا .

ئاخر جەنابی سەرۆکی هەرێم و حکومەت  لەو وڵاتەی کە ئێوە    سەرۆکن تیایدا  ، جاشێك لە پێشمەرگەیەك بە نرخترە !!، کوڕە ئەنفالچیەك لە سەدان ئەنفال کراو بە بایەخ ترە!!،تاوانبارێك لە هەزاران کەسی بێ تاوان بەرچاوترە! .

ئێستا ئێمە کە ئەو نامەیەتان بۆ دەنووسین خۆمان بە پلە  ٤ یش نازانین ، ئێمە کە لەناو خۆمان هەست بە چەوساندنەوە بکەین ، هەستی ئینتیمامان چۆن بۆ دروست دەبێت؟ هاووڵاتی بوون و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی و هەموو ئەو وشە بریقەدارانە ، چ نرخێکیان دەبێت.

تکایە ئەو بێ دەنگیەی جەنابتان، بۆ کەسانێك ناشێ کە خۆیان بە بەرپرسی نیشتمانێك دابنێن.

کۆمەڵێك لە کەس و کاری شەهیدان